کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:25 11-11-2007

## بۆ کچێکی گەرمیانی ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی

ئەو خوشکە لە سایتی کوردوستان پۆستی بەڕێزدا هەندێك سەرنج و بۆچونی دەربارەی ئنشقاقی (چاك) نوسیبوو، من کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نیم و لە سلێمانیەوە، هەر لە ڕێگەی سایتە کوردییە کانەوە و لە سایتی (چاك) خۆیانەوە حەز بە شوێن پی هەڵگرتنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە بەڕێزە ئەکەم، لەم ڕۆژانەی ڕابوردوشدا پەیرەوو پرۆگرامێکیان خستبوە بەردەست بۆ وەرگرتنی سەرنج و تێبینی، کە من زۆر تێبینیم لەسەری هەبوو بەڵام نەمئەزانی ئایا هەر بۆ ئەندامانە یا بۆ خەلکی دەرەوەی (چاك) یش هەیە، بۆیە هیچم نەنوسی، وەلی نوسینەکەی ئەو خوشکە سەرنجی ڕاکێشام بۆ ووتنی هەندێك شت:

یەکەم:نوسینەکەی ئەو خوشکە کە بۆ کەسێکی ناو (چاك) ی نوسیوە بە ناوی (جهاد) دورە لە هەموو پرنسیپێکی نوسین و لە ڕقێکی شەخێی ئەچێت بەرامبەر ئەو کەسە و پشتی بە هیچ دۆکیومنتێك نەبەستوەو ئاماژەی بۆ هیچ بەڵگەیەك نەکردوە و نموونەی بە هیچ لەو ناکۆکیانە نەهێناوەتەوە هەر بۆ نموونە ڕا بەرامبەرە دژ بە یەکەکان بنوسیو سەرنجی ئێمەی دەرەوەی ئەو ناوەندە ڕابکێشی تا ئێمەی خوینەر سەرنجە کان تاوتوی بکەین و بتوانین بزانین خەتای کێیە و هۆکاری ئەو جیابونەوەیە چیە، هەر لە ڕوانگەی ئەو نوسینە کاڵو کرچەوە ئەتوانم بڵێم بی سی و دوو ئەو خوشکە گەرمیانیە لە کام بەرە بێت من ئەوی تریان بەڕاست ئەزانم، چونکە ئەگەر ئەمە ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری کەسێك بێت، ئەبی تەمەنای چی لێ بکرێت لەو ڕێکخراوەدا

دووەم: (چاك) لە ڕیکخراوێکی هەڵبجەییەکانەوە گەورە ببێت بۆ ڕێکخراوێکی سەرتاسەری خەڵکی کوردوستان بۆ داکۆکی لە هەموو کوردێك دژی ستەمکاریەکان کارێکی باشەو شایانی دەست خۆشیە و من لای خۆمەوە بە خەباتێکی دیموکراسیانەو سیاسیانەو دپلۆماسیانەی ئەزانم و کورد پێویستی زۆری بەمجۆرە ڕێکخراوانە هەیە.... بەڵام حەز ئەکەم ئەو ڕێکخراوە بەڕێزە لەم خاڵانە ئاگادار بکەمەوە:

1- کارێکی ناوخۆی ڕێکخراوێك چپێویستی بەوە هەیە بدرێتە سایتێك و کەم و کورتی یا هەڵەو نارێکی پیشانی خەڵك بدرێت کە ئەمە جگە لە خۆ بچوککردنەوە زیاتر هیچ بەرهەم ناهێنی و وا ئەکات کارە گەورەکانیشتان خەڵك بە هەندی وەرنەگری، خۆ کەس هەڵی نەکوتاوەتە سەرتان بە تانەوتەشەری کارنەکردن و کەمتەرخەمی تا لایەك بیدات بە سەر لایەکی تردا

2- حەز ئەکەم نموونەیەکی بچوکتان بۆ باس بکەم تا ڕاسپاردەیەك بدەم بە گوێتاندا، من سەر نووسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادم لە سلێمانی و تەواو سەربەخۆین، لە پێناوی ئەوەدا کە نەدرێینە پاڵ هیچ لایەك ئەم سیاسەتە پێڕەو ئەکەین: نەپارە لە هیچ لایەك وەرئەگرین، نە بە شان و باڵی هیچ لایەکدا هەڵئەدەین و نە هیچ هەواڵێکی خۆیان و حکومەتەکەیان بڵاو ئەکەینەوە، هەواڵی چالاکی هونەرمەندێکمان لا باشترە لە هەواڵی بڕیارێکی حکومەت یا سەردان و چالاکی وەزیرێك یا وەزارەتێك، دوو ساڵ لەمەوبەر هەندێك لە ڕۆژنامەنوسان بە مەبەستی دروستکردنی گروپێك بۆ داکۆکی کردن لە قەڵەمە ئازادە نەترسەکان، چەند کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا، بەڵام هەر ئەوەندەمان زانی ئەو کۆبونەوانە پڕبوون لە قەڵەمە ماستاوچیەکانی حیزب و لە سیخوڕی حیزبەکان و لە کۆتاییدا هەر ئەوانە وایانکرد کە ئەو گروپە بە هیچ بڕیارێك نەگات و یەك هەنگاویش نەنێت، بۆیە من لام وایە ئەگەر ئەو ناوەندە (چاك) خەڵکی حیزبە کانی تێچوون ئەوا جگە لە هیوای هەڵوەشاندنەوەی بە هیوای هیچی تر مەبن، چونکە ناڵێم حیزبەکانی کوردوستان دژە نەتەوەن بە لکو بە لای منەوە شۆرشگێڕن و خەباتی زۆریانکردوە وشەهیدی زۆریشیان داوە لە پێناوی خاك و نەتەوەدا، بەڵام فکری عەشایەری و پاوانخوازی لای ئەو حیزبانە وایکردوە کەسی تر و هیچ ڕێکخراوێکی تریان پێ قبووڵ نەبێت ئەوانە نەبێت کە خۆیان دروستی ئەکەن و لە پشتیانەوەن و وای لیك ئەدەنەوە کە ئەوە لە شکۆمەندی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەسەڵاتی ئەوان کەم ئەکاتەوە، هەر لە م ڕوانگەیەشیانەوەیە لە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوەکانی کوردوستاندا وەك ئەندازیاران و هونەرمەندان وهتد ئەکەونە فرۆفێل لە یەکتری و کەمترین ئاستی دیموکراسی لە بیر ئەکەن و پێشیلئەکەن

3- من نازانم لە ڕێکخراوێکی بی پارەو پولی وەك (چاك) کە نە کۆمپانیایەکە لە سەر قازانج و سەرمایە تێك بچن و نە حیزبێکن لە سەر ستراتیژ و فکر پێك نەیەن و نە حکومەتن لە سەر پۆستەکان نا ڕێکبن، ئیتر ئەبی لەسەر چی ناڕێکبن؟ جگە لەوەی دیارە لای ئەمانیش پاوانکردنی دەسەڵات و خۆبردنە پێشەوە و خۆ دەرخستن وەك نەخۆشیەکی کوشندە ئەمانیشی پێکابێت، من لاموایە لە ڕێکخراوێکی وادا ئەبی کێبڕکی لە سەر زیاتری خزمەتکردن و زیاتری خۆماندووکردن بێت، کە هەرکەس بیکات شایەنی دەستخۆشیە، ئەگەر من لە ناوەندی چاك بومایە، چالاکی خۆم ئەکرد بی ئەوەی گوی بدەمە ئەوەی کە کی کاری ئیداری وماڵداری ئەبات بە ڕێوە، ئامادە ئەبووم لەسەر کەمتەرخەمی ڕەخنەم لێبگیری، هەر واش ئەبی بیربکەینەوە، گەورەترین ئەندام ئەوکەسەیە کە گەورەترین چالاکی هەبێت نەك گەورەترین پۆستی ناو ڕێکخراوەکە

لە کۆتاییدا ئەڵێم نازانم هۆکاری چیە ئەو خوشکە کە دیارنیە خوشکە یابرایە نەوێری بە ناوی خۆیەوە بنوسێت، خۆ ئەو وەك هەندینوسەری تر نە ڕەخنەی توندی لە حیزب و دەسەڵات گرتوە و نە جوێنی پێداون، ئەو بەرامبەر کەسێك تێبینی هەیە کە دەبوو ترسی ڕوبەڕووبونەوەی نەبێت ئەگەر کەسێکی ڕاستگۆیە و قسەکانی بی بنەما نیە، تۆ بڵێی ئەو جهادە پیاوێکی تیروریست بێت و کەس نەوێری لە ئاستی فزە بکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.